# خلــــــه و بلــــــه

هەژێن

ئەو ڕۆژانە هەر باس باسی خدر و ئبراهیمی بوو؛ برام فرە نورانین...، کورە بابە فریشتەن ...، ئەی چۆن کێ ئێژێ یەکێکیان حزرەتی مەهدی مەوعودی نییە...، ئەی خۆزگەم بە داکو بابتان کونجی بەهەشتێ جێیانە. هێندە ناوبانگی بێگەردییان ڕۆیشتبوو، هەرمناڵ بوو خۆزگەی دەخواست کاکیان بوونایە. کچان بەئاواتەوە بوون، دەزگیرانیان بوونایە. ئاخر ناو ناوبانگیان لە مرۆڤ بوون تێپەڕی کربوو؛ ڕۆژێ دەبوونە نەوەی پەیامبەر و ڕۆژێک دەکرانە محەمەدی مەهدی، ڕۆژێکیش فریشتە.

خەڵکی ئاوایی وەها باوەڕیان بەخۆیان هێنابوو، مادامەکی کاکە خدر و ئبراهیم لە ئاواین، ئەوا خێر و بەرەکەت بەسەر گوندیدا دەبارێ. هێندێک بۆ خۆ نزیککردنەوە لێیان، گەر مەڕەکەی دووبەر بەیەکەوە بزایە دەیکردە هەلاَو دەیگووت خەڵکینە بنواڕن ئەمن نەمگووت پاو قەدەمی مامۆستا خدر و مامۆستا ئبراهیم بەخێرە! خۆ مامە قالەی دوکانداریش گەر زەرەریشي بکردایە، ئەوا دەیگووت ئەدی کوو بابم خۆ گارتەی نییە، دوو فریشتە دابەزیونەتە ئاوایی، هێندەی قازانجم کردووە، زەکاتەکەیم پێ ناژمێردرێ. مامە عەلەش لەو لاوە بەگۆچانەکەیەوە لەرزە لەرز خۆی دەگەیاندێ و قورگی لۆ ساف دەکردو دەیگووت: یا خوا بەخێر بێن، تەشریفیان هێناوە، خودایا شوکر وشکەی ئەم زستانە تەڕوتووشەشمان مسۆگەر بوو، قادری برام چۆنی؟

کەریمی چاپچیش هەڵی دەدایە و بۆی تەواودەکردن: کورە بابە ئەوە بۆ نایێژن، لەوەتەی ئەو دوو زاتە موبارەکانە هاتوونەتە نێومان، زارۆڵەکانمان پێویست ناکات بە شەولەبان و خێو بترسێنین؛ ئاخر برام ڕاستە من قورحانم نەخوێندگە، بەلاَم لەزاری مەلاو شێخانەوە گوێم لێبووگە، کە پیاوی ساڵح ڕووی لەهەر شوێن نا ئیتر هەموو شتێ باش دەبێ، خۆ بەگاڵتە ناویان نەناوون خدر و ئبراهیم.

چەکدارێکی زەردەڵەی ڕیشن دەتووت لە ئەفگانستانەوە تازە گەڕاوەتەوە کردییە جواو: گەر شتێکتان بۆ باس بکەم لەوانەیە بێژن چیبیی، بەو قورعانەی خوێندگمە ئەوەی ئێژمی خۆم وە چاوی خۆم دیگمە؛ تازەکی ئەم دوو برا دینیەمان هاتبوون، شەوانە ئەیان وێژا "بنوون، هیچ خەمتان نەوێ ئەمە خوامان لەتەکە" ڕاستییەکەی ئەمەش حاڵی نەدەووین، چی ئێژن و قەستیان چەس. تا شەوێکیان بێ عەدەوی نەوێ دەچوومە عەدەبخانە چیم دی، بێژن چی، بەو خوایەی ها وەبان سەرمانۆ هەر چوار دەوری مەقەرەکەمان چەکداری سپی پۆش بوون، حەرەسەکەش لە شیرین خەودا بوو. بەو قورعانەی دەسم لێداگە چیم بۆتان گێڕاگەسۆ خەلافی نەوو. جەماعەت بەدوایدا: "سبحانەالله برام تۆ بەهەشتی، قەسەم بەخوا ئاوری جەهەنەم وەچاو ناوینی، خۆزیەم وەخۆت براڵە.

درۆکردن بوو بوو بەپێشبرکێ و برا برای نەدەناسی لەخۆ بردنە پێشەوەدا. تەنیا کەسێک کە لەبەر خۆیەوە پێشی لێدەخواردنەوە و سەری لەدەست خۆشباوەری خەڵککە ئاوسا بوو و نەشی دەوێرا قسەی بکاتن، حەمە چکۆل بوو. وەخت بوو شەق بەرێ و لەبەر خۆیەوە دەیگووت: ئاخر نازانم ئەم خەڵکە چییان لێ قەومیاگە، وا ئەو دوو ساختەچییەیان لێ بووگەسە شتێ نایاب. ئاخ خلە و بلە دەرتان لە گیانم گەر ڕۆژی خۆی دێ و درۆتان لێ سپی دەکەمۆ، ئەوسا دەبینن، ئەم خەڵکە فریوخواردگە چۆن لێتان دێتە جواو حەساو کەتابتان لەتەک دەکات. ئای چەندە بێشەرمن، پێشم ئێژن: "کاکە موحەمەد بۆ نایێیتە مزگەوتێ و لەتەکمان تێکەڵاو نابی". ئاخر ... بابینە بۆ کەڵەگاتانم تا تێکەڵتان بم. ئاخ گەر بەمن بووایە شاربەدەرم دەکردن. لەو ڕۆژەوەی ئەو خوێڕیانە هاتگنەسە ئەگرە، خۆ هەلاَڵەش دڵی گۆڕاوە و توورەکەیەکی کردگەسە سەری و ئێژێ قەڵەڕەشەس دەنووکی شۆڕ کردگەسۆ، ئاخر تۆ بۆ هەش وەسەر، ئەترسم ئەم هەتیوانە جادوویان لەم خەڵکە کردوێ و خەویان لێ کەفتبێ. بەلاَم نازانم

چۆن وەو خەڵکە بێژم، کە ئەمانە دەست بەڕوومەتی مناڵەکانتانا ئێنن و چاوبازی دەکەن. بڕوا وە من ناکەن و ئێژن ئەم حەرامزادە گاورە ڕقیەسی لە دین و گەرەکیەسی ئەمەش وەکی خۆی لێ بکا و لە دین وەرمان گێڕێ و عاقیبەت شەڕمان کا. مەگەر لەباخەڵی ژنەکانیانا بیانووینن، ئەوساکە دەزانن خلەو بلە کێن. خۆ گەر بزانن من چۆنی بیردەکەمەوە، ئەوا شەوێک دەمکوژن و ئێژن فریشتە سپی پۆشەکان بوون. ئەم ئاواییە کاول بووگە ئێژی شێتخانەیە، گەر دکتۆرێک لە سەرووی ئاوایی دانێ و نوشتە نووسێکیش بەریتە خوار ئاوایی ئەوا وەک تەیری گول لە داری زەقنەبوت کۆدەبنەوە. تۆ بڵێی هەروا بۆیان بچێتە سەر، ئاخر هەلاڵە تۆ بۆ؟ ڕاستە من دایکە کلۆڵکەم بە هەتیوی گەورەی کردگم، بەڵام هێندەم خۆش دەویستی، خۆزگەم دەخواست، کە ڕۆژێ بتوانم لەتەک تۆ ماڵێکی چکۆلانەمان هەبێ و جارجارەش بچینە شار و بۆ خۆمان ڕابوێرین...

دەنگە دەنگی خەڵکەکە لە زەماوەندی بە ئایان هێناو، هەرکەسە بوو بە پرتاو بەرەو مزگەوت غاری دەدا. لەبەر خۆیوە وتی: با بڕۆم، بزانم چ موعجیزەیەکیان نیشان داگە. ئەویش خۆی گەیاندێ و چاوی بڕوای نەدەکرد، ئاوا خێرا ئاواتەکەی بێتەدی.

"ئاهههە... ئەوە من بووم ئەو ڕۆژەم بەچاوی خۆم دی، باش بوو ئاواتەکەم نەبردە ژێر گڵ". حاجی ڕمەزان، دەستە پان و پۆڕەکانی کێشایە بان قورئانەکە و قورگی پاک کردەوە: بە هەقی ئەم قورحانە ئەوەی دیگمە، وەڕاستی وە ئێوەی ئێژم، برام هەوە سۆفی قوربانی ماگەو نەمردگە، بۆ ڕۆژی قیامەت وە شاهیدم گرتگە، بێژە سۆفی، مەردی خوابە و تۆ بێژی، قەسەم وەخوا بڕوا ناکەم لە وەتەی ئەم ئاواییە گیانلەبەری هاتگەسە ناو کاری وا خراو کریاوێ. نازانم چیتان پێبێژم، شەرم دەکەم، سۆفی تۆبی خواو وەعالەمی بێژە، ئاخر من خەجاڵەت ئەکێشم، نەعوزەن باالله، ئەستغفیرواللە، خوایا بۆدوێکە منت نەکوشت، تا خەراپەی وا نەوینم؟

مەلا: ڕجوع بەرۆ حاجی، ئەزانی چی ئێژی، تۆ ئیراد لەکاری خوا ئەگری !

حاجی ڕەمەزان: تۆبە ... خوارد خوایا، بە گەورەیی خۆت بمبەخشە.

مەلاحەبیب: ئێستاکە لەقسەکانی حاجی هیچمان لێ حاڵی نەوو، بێژە سۆفی قوربانی بزانم، چیت بینیگە و چی ڕوویداگە، تا بزانین بەپێی شەرعو یاسای خودای چی بکەین، تا ئاوایی خەرقی غەزەوی خوا نەوێ.

سۆفی قوربانی: قوربان چیتان عەرزکەم، ئەستغفیرواللە مامۆستا ئەو ڕۆکە من و حاجی لاوەلا پیاسەمان دەکردو کەمێ حساو کەتابی خۆمان هەوو ویستمان بیوڕینۆ، تا فەسڵی زەکات نەهاتووە. کە گەیشتینە بەر باخەکەی مام وەلی، نەعووووزەن باالله، ئەستغفیرواللە، خوایا تۆبە و هەزار پەشیمانی. ئیتر ئەوەی دیگمانە بۆ باسکردن ناشێ، بێ عەدەبی نەوێ شەرم دەکەم.

مەلاحەبیب : کورە بابم پیاوی خاس وون، بێژن چی بووگە و چیتان دیگە، ئاوا ناوێ، چۆن شەرعی خودای وە ئەکرێ ؟

سۆفی قوربانی: یەعنی من بیوێژم، گوناح وار ناوم ؟

مەلاحەبیب: نە باوە، گەر باستان نەکردایە، فرە خاس بوو، بەڵام پاش ئەوەی گشت ئاوایی زانیگەسی، ئیتر وەو جۆرە ناوێ !

سۆفی قوربانی دەستە لاوازەکانی بەترس و لەرزەوە بە قورئانەکەدا ئەکێشێ و بە هەناسە بڕکێوە ئەڵێ: بەخوا مامۆستا مادام تۆ فەرمایشتت کرد، منیش ڕاست و ڕەوان ئێژمی. عەیب نەوێ لە ڕووتان، شەرع شەرمەی بڕیگە؛ وەک حاجی ڕەمەزان گێڕایۆ، کە گەیشتینە بەردەم باخەکەی مام وەلی، چمان دی خوا نەعوزەن باالله، ئەستغفیرواللە، دیمان کەسێ قونیگەسە بان کەسێتر، نەعوزەن باللە، ئەسغفیرواللە، هەناسەبڕکێیەسی و

ئەوی‌تریش ئەستغفیرواللە خوایا تۆبە لە ژێریا نقەنقیەسی و خوایا تۆبە، گوم خوادویَ "هێواش هەتیم دڕیام". ئەو گاوربابە وەک کەڵەشێر قونیبووە بانی و هەر هنگە هنگی بوو، قەسەم بەقورحان مامۆستا تەشبیە بەوە نەویَ تۆش ئاوا ناقونیتە بان مەلاژن.

مەلاحەبیب: سبحانەاللە ئەوە تۆ چیت لیَ قەومیاگە سۆفی، بە تۆمان بۆمان بگێڕەڕۆ یان باسی ناموسی ئێمە و مانان کە، بیتامت کرد سۆفی، برام ناویَ تۆ قسەی بن دیواران لە گرە باسکەی!

سۆفی قوربانی: عافووەن مامۆستا، هۆشم لەخۆم نەماگە، خولاسەی کەلام، ئەوە هێشتا ئەم باوە حیزانە بە ئەمەیان نەزانیبوو، وەک وتم شەرع شەرمەی بڕیگە، خاسترە ڕاست و ڕەوان بێژمی؛ ئەتووت گەماڵە و لەتەک دێڵە سەگی لکیاگە وەها پێوەی نووسیاوو، هەچەندی ئەوەی ژێری وەخت بوو نقەی لیَ بوڕیَ، بەلاَم باش بوو من و حاجی بە قربانی هیمەتی بم، توانیمان لێکیان جیاکەینۆ و وەک بەلاَ نسفەت ....ی بیان تێرینۆ خزمەت تۆ. ئەمە حاڵ و هەوە حیکایەت. بەخوا لەڕێگا هەردەم ووت بەس نەبوو، دەستیان ڕانەگەیشتە مناڵکانمان وەک فەقێکەی هەو ساڵەی سەي سایەق. خوایە تۆبە خوا، لامان دەی لەبەلاَی ناگەهان.

مەلا حەبیب: ئێستاکە پاش ئەوەی گوێمان لە قەولەکانی حاجی ڕەمەزان و سۆفی قوربانی ڕاگرت، نۆرەی پرس و جواوە لەو فریو خواردووانەی شەیتان، تکا دەکەم گشت لایەک دان بەخۆدا بگرن، هەروەها کاکە خدر و ئیبراهیمیش دەبیَ هەرچی بووگە و ڕوویداگە، وەتەواوی بۆمان بگێڕنۆ، تاوەکو بتوانین شەرعو یاسای قورئانی پیرۆز جێبەجیَ کەین بەحەولو قوەتی خوای بانی سەر.

– کوڕم خدر ئایا ئەوە ڕاستە، کە لە قەولەکانی حاجی ڕەمەزان و سۆفی قوربانی‌دا هاتگە، ئایا تۆ ئیقرار دەکەی کە کاری خراوی وەهات کردویَ ؟

خدر: ئم.

مەلا حەبیب: کوڕم وەها ناویَ، دەبیَ وەجوانی و ڕاس و ڕەوان چۆن بووگە بۆمان بگێڕیتۆ، شەرمی پێناویَ، هەر پیاو تووشی قەزاو قەدەر ئەویَ.

خدر : مامۆستا خەتای ئەوو، لە پێشا قونییە بان من، بەخوا مامۆستا من ئەمرۆ فرە حەزم لیَ نەوو، ئەوو وەک شەیتانی قونییە بانم.

مەلا حەبیب: باشە کوڕم ئیبراهیم، پاش ئەوەی کە گوێمان لە ئیفادەی ئەوو، تکا لەتۆش ئەکەین، ڕاسمان پیَ بێژە تاوەکو عەداڵەتی خوداو پێغەمبەران بووەینە ڕێیۆ.

ئیبراهیم: بەخوا مامۆستا بەو قورئانەی خوێندگمە هێشتا نۆرەی من نەهاتووو، خەتاوی ئەوو گشت ڕۆژیَ وەک حەرەمی هاتگەسە لام، بەخوا مامۆستا ئەو لامەسەوە هیچ ڕوحمی پیَ نەکردگم، لەگشت شتێکا هەر ئێژیَ من خەتمێکم لە تۆ فرەتر کردگەو ئەویَ من لەپێشەوە بقونم.

ئاخر مامۆستا ئەو هەر لە مناڵیۆ بەمن فێربووگە، وەختیَ من مناڵ بووم، ئەو باوکی فرەی هەبوو منیش دایکم وە هەتیوی گەورەی کردگم و خزمەتکاری ماڵی ئەوان بوو. ئیتر گشت ڕۆژیَ دەسی ئەوردە پشتمو پێم فێربوو، جارێکیان وە مامۆستاکەمان عەبدولقادرە فەنیم گوت: مامۆستا خدر وازم لیَ ناتێریَ، مامۆستا بڕوای وە من نەکرد و وتی "هەتیو خوێڕی بۆ بوختان هەڵئەبەستی بۆ کوڕی حاجی ڕەزاق، بڕۆ ونبە لەبەر چاوم چڵمنی پیس" ئیتر نەمدەوێرا بەکەسی بێژمو دەرەقەت خدریش نەدەهاتم، ئاخر گشت تەلەبەکان لێی دەترسیان.

مەلاحەبیب: باشە کەوابیَ دەس وەکار بین و حوکمەکەی "فاروق" وە عادیلانە بدەین وەسەریانا. بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە، من مەلا حەبیب کوڕی مەلا ڕەشید کوڕەزای مە تەبیب کوڕەزازای مەلا نەبیب تا دەگاتە

سەجەرەی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو قارەمانەی کە تەفرو تونای کردگە لەشکری سەلیب. دەمەوێ بە پشتیوانی خوای گەورە سزای عادیلانەی قورعانی پیرۆز وەسەر ئەم دوو بەندەیەی خودا بدەین و پاکیان کەینۆ لەخراپەکاری.

ـــ ئامادەن کورم خدر، ئیبراهیم ؟

ـــ بەڵێ مامۆستا

مەلا حەبیب: کورم دەبێ تا ناوقەدتان رووتۆ کەن، بەپێی ئەو سزایەی چوار ئیمانان و جامعەی ئەزهەر دایان ناگە، ئەوا یەکی هەشتا شەلاقتان دەبێ لێ بووری، بەندەش وەم کارە پیرۆزە هەڵدەسم، بەڵکوم خوای گورە لەگواحی گشت لایەکمان خۆشوێ. ئامین یا ڕەبەلعالەمین. کورم خدر دەبێ تۆ هەوەڵجار شەلاق بخۆی، چونکە تۆ لۆتی و ئەو مەلوتە بەتائی گەورە. پاش شەلاق خواردن ئەبێ تۆوە بکەی و وەپەلە خۆو فرێ دەیتە ناو حەوزەکەی مزگەوت.

خدر: بەڵێ مامۆستا، ئای..ئای ...ئای

مەلا حەبیب: کورم گەر کاری وەها خراوت نەکردایە وەو جۆرەت بەسەر نەدەهات، هم..هم...هم...هم

خدر: ئای مامۆستا فرەم ماگە، تو خوا سووک لێمدە، بێژە مامۆستا چەندم ماگە، ئای ؟

مەلا حەبیب: هەفتاو هەشت. هم.. هەفتاونۆ. هم.. هەشتاااااە، برۆ کورم باسارد نەویتۆ، تۆبەی خێرت بێت. کورم ئیبراهیم تۆ حازری ؟

ئیبراهیم: بەڵێ مامۆستا، توخوا مامۆستا سووک لەمن بدە، ئاخر من هێشتا هیچم نەکردوو، من فرە ئەترسم.

مەلاحەبیب: چۆن هیچت نەکردگە، ئەی سواری کێ بووگە، خۆ سواری بابم نەبووگە ؟

ئیبراهیم: ئای یای یای.. ئاااااای بابەڕۆ مردم خوایا، ئاخر کەی هەقە بقوننە بانتو شەلاقیش بخۆی، ئای ئااااای، مردم وەی خوایا، ئاخر ئەو کردگیەسی بۆ لەمن دەدەن ، ئای یا یایاي، ئای نەنکە ڕۆۆۆ.

مەلاحەبیب: ناشوکری مەکە هەی لامەسەو، ئەو کردگیەسی تۆش داگتە، هم .. هم.. شەستو پێنج هم..، شەستو..

ئیبراهیم: ئای .. بەخوا مامۆستا خۆم ژماردگمە ئەوە هەشتاودوو. ئای پشتم خوایا.. ئای ئایییی، ئای باوکە ڕۆ مردم، خۆ ئەو هەتیوەش ئەوەندە ئازاری داگم، بەسە توبی خوا، ئای..

مەلاحەبیب: هم.. هەفتاونۆ. هم.. هەششتاااااە، هەستە برۆ، هەستە گەر ئازارت هەیە چۆن ئەو شتەت پێ هەڵگیراگە ؟!! خوا لێتان ڕەزا بێ. برۆن ئیتر تۆبەی مەرگی لێبکەنو کاری وا مەکەنۆ!

خدر: بەڵێ مامۆستا، شەرت بێ شەرتی خوا، جارێکیتر گوی وا نەخۆم.

حەمەچکۆل: ئەی فریشتە جلک سپیەکان چییان وەسەرهات، خۆ لە ئەفگانستانیش بووایی، ئەوا دەمگوت ئەوە هێزی ئەمریکایە و بە پەرەشوت داباریون و بەرگی سپییان پۆشیگە، قوڕ بەسەرمان ئاوا بروا ژنەکان دەبنە عەزرا و ئێمەش قەومی لوت، ئاواییش پڕ دەبێ لە کوڕانی خوا..

*پێشتر لە ژمارە (15ی بەهاری 2001ی گۆڤاری هونەری ژیلەمۆ)دا بڵاوکەاوەتەوە. لێرەدا لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمانەوە هەندێ چاککاریم تێداکردووە.